KOREK Telecom

رۆژژمێری 2015
به دیاری وەر بگره



بەو هۆیەوە ئێستا کەس بە قسەی ڕاهێنەرەکەی ناکات..

# تۆتـــی پۆتـــی ڕۆدی شکاندووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا دەڵێن فرانچیسکۆ تۆتی کاپتنی یانـــەی ڕۆمـــا لەنێو یاریزانەکانی ئـــەو یانەیەدا ئابڕۆی ڕۆدی گارســـیای ڕاهێنـــەری یانەکـــەی بردوەو ئێســـتا وایلێهاتووە کەس شەرمی لێناکات.

کاتێـــک ڕاهێنەری فەرەنســـی ئەرکی مەشـــقەکانی ڕۆمای وەرگرت هەموو لەسەر ئەوە کۆکبوون کە گارسیا بەهۆی بەهێزی کەسایەتییەکەی شیاوترین ڕاهێنەرە بۆ کۆنترۆڵکردنـــی تۆتی، کە پێش ئـــەو هیچ ڕاهێنەرێک نەیدەتوانی بەسەر تۆتیدا زاڵ بێت و یاری پێنەکات. بەڵام دوای تەنیا وەرزێک دەرکەوت کە گارسیاش نەیتوانیوە ڕووبـــەڕووی باڵادەســـتی تۆتی لەو یانەیـــەدا ببێتەوە، کـــە بەهۆی خۆشەویســـتی سەرشـــێتانەی جەماوەری ڕۆمـــا ئەو یاریزانـــە بارودۆخەکەی قۆســـتووەتەوەو بە قســـەی هیچ ڕاهێنەرێک ناکات، هەردەبێ یاری بکات، ســـەرەڕای ئەوەی تەمەنی 38 ساڵەو ناتوانێت هەموو یارییەکان بە ئاســـتێکی باش یارییبـــکات. لەو بارەوە ســـەرچاوەیەکی نزیک لە یانـــەی ڕۆما بۆ ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایکردووە «دوای ئەوەی جارێکیان تۆتی بە ڕووی گارسیادا تەقییەوە، ئێستا زۆر لێیدەترسێت و ناوێرێت یاری پێنەکات تەنانەت ئەگەر لەناو یاریگەدا توانای جوولەشی نەمابێت». ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت «تۆتی پۆتی ڕۆدی شـــکاندووە، ئێستا کەس شەرمی لێنـــاکات و کۆنترۆڵی ژووری جلگۆڕینی لەدەســـتداوە، چونکە ئەو یاریزانانەی هەســـتدەکەن ڕاهێنەر بەهۆی ترســـان لەتۆتییەوە ستەمیان لێدەکات، چیدی ڕێز لە گارسیا ناگرن و بە ئاشکرا باس لە ترسی ڕاهێنەر لە کاپتنەکەیان دەکەن».

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (332) سێشەممە 2014/12/30 9ی بەفرانبار 2714 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

بنەماڵەی شاهانە خۆشیان دەوێت و بەرگری لێدەکەن..

# کاسیاس ئیمپراتۆرە

"ناڤاس هەست بە ستەم دەکات و پەشیمانە لە چوونە ڕیال مەدرید"

3«



LOTTO

ڕۆژی یەکشەممە 4/1/2015 لە RUDAW.TV
تیروپشکی سیوشەشەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی) ئەنجام دەدرێت

8

جەماوەری
ڕیال و بارسا زماندرێژ و جنێو پیسن 4

ئامارەکانی میسی و ڕۆناڵدۆ لە 6 ساڵی لیگادا 3«

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (332) سێشەممە 2014/12/30



## بە قوربانی سلێمانیکرد

هۆزان ئازاد، یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە لەلایەن 5 یانەی عێراقی و یانەیەکی نەرویجییەوە گرێبەستی پێشکەشکرابوو، بەڵام هەموویانی بە قوربانی سلێمانی کردو دواجار بە ناچاری چووە ریزەکانی یانەی نەفتی وەسەت و گوتی « لەلایەن هەریەک لە یانەکانی دهۆک و زاخۆ و زەورا و نەفت و نەفتی وەسەت گرێبەستم پێشکەشکرا، سەرەتا لەبەر یانەی سلێمانی هەموویانم رەتکردەوە، بەڵام کاتێک سلێمانی لە خولی عێراق کشایەوە بە ناچاری گرێبەستی یانەی نەوتی وەسەتم هەڵبژارد» .



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# جیهادی وەرزشی

لە وڵاتێکدا کە چەند ساڵێکە شەڕی تێدا بەرپابووە، داروبەرد و ئاووهەواو هەرچی شتی جوانە خاپوور بووە و شتێک نەماوە رەنگی ژیانی پێوەبێت، بەڵام ئەوان هەر خەریکی جیهادن و کۆڵنادەن.

باسی یانەی جیهادی سووریا دەکەم، کە یانەیەکی وەرزشیی کوردیی ڕۆژئاوای کوردستانە، مەترسن باسی جیهادی دیکە نییە، کە ئەمڕۆ موسڵمانایش لێیان شێواوە نازانن کامە جیهاد، جیهادی ڕاستەقینە.

یانەی جیهاد تاکە یانەی کوردییە لە ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا، دەکەوێتە شاری قامیشلۆ و لە ساڵی 1962 دامەزراوە، کە نوێنەرایەتییەکی باشی کورد دەکات، بە تایبەتی لە خولی تۆپی پێی ئەو وڵاتەدا.

ئەوان، بە پێی زانیارییەکانی من و بە پێی ئەو پەیامەی کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە ڕێی تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە بڵاویانکردەوە، پێویستیان بە هاوکاری و کۆمەک هەیە، بۆ ئەوەی لە جیهادی کوردانەی خۆیان بەردەوامبن و شەڕ لەسەر ناسنامەی کوردبوونی خۆیان لە سووریا بکەن، بە تایبەتی لە ڕووی وەرزشییەوە.

بەپێی ئەو پەیامەی یانەکە بڵاویکردەوە، ئەوان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان و یاریزانەکان مانگانە تەنیا 60 تا 70 دۆلار مووچەیانە، ناچاریشن بەهۆی بارودۆخی سووریاوە، وەک یانەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، یارییەکانیان لە دیمەشق ئەنجامبدەن، وەک خۆیان دەڵێن، ئەگەر بەمشێوەیەش بمێننەوە، ئەوا لە خولی نایاب دادەبەزن و چیدی ناتوانن نوێنەرایەتییەکی باشی کورد لە وەرزشی سوریا بکەن.

یانەی جیهاد داوای هاوکاری و پاڵپشتییان لە یەکێتی تۆپی پێ لە باشووری کوردستان کردووە، کە بە هانایانەوە بچن، کە هەر هیچ نەبێت، میوانداریەکیان بکەن بۆ کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان و هەندێک هاوکارییان بکەن لە باشووردا، بەڵام تا ئێستا باشوورییەکان وەڵامێکیان بۆ برا ڕۆژئاواییەکانیان نەبووە.

بەداخەوە ئەمساڵ بارودۆخی دارایی لە کوردستان زۆر خراپەو وەرزشیشی بەشێوەیەکی فراوان گرتووەتەوە، بۆیە ئەگەر وەک ساڵانی پێشوو بووایە، دڵنیام یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و لایەنە بەرپرسەکانی دیکەی وەرزشی، لایەکیان لە یانەی جیهاد دەکردەوە.

بەداخەوە دووبارە دێمەوە سەر قسە کۆنەکەی خۆم، کە گوتوومەو دەیڵێمەوە، پەیوەندی وەرزشیی لە باشووری کوردستانەوە لەگەڵ دەرەوە زۆر لاوازە، بە تایبەتی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان، کە تا ئێستا نەتوانراوە پەیوەندییەکی نەتەوەیی دروست بکرێت و تیپ و وەرزشوانانی هەرچوار پارچە یەکترناناسن، مەگەر لەسەر ئاستی زۆر بچووک و تایبەتدا نەبێت.

حکومەتی کوردستان لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڕیاریدا یارمەتی یانەکانی کوردستان بدات و هەریەکەی بە بڕێک پارە هاوکارییان بکات، پێشنیازدەکەم سەرۆکایەتی حکومەت دەستی هاوکاری بۆ یانەی جیهادی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان درێژبکات، ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت، چونکە لە کۆتاییدا هەموو ئامانجەکان یەکدەگرنەوە، کە کوردبوون و پاراستن و بەرەوپێشبردنی ناسنامە کوردییەکەیە لە هەر پارچەیەکی کوردستان و دنیا بەگشتی.

جیهان پێویستی بە هاوکارییە و شایەنی ئەوەشە دەستیان بگیرێت، بۆ ئەوەی لە جیهادی خۆیان بەردەوامبن و بوونی کوردانەی خۆیان لە تۆپی پێی سوریادا بەردەوامبکەن، چونکە لەبیرتان نەچێت، ئەوەی بە وەرزش دەکرێت، زۆربەی جارەکان بە سیاسەت و سیاسییەکانیش ناکرێت.

## وانەکانی مۆندیالی بەرازیل

11 کۆتایی

# بەرازیل وڵاتی تۆپی پێ و سامبا و جوانی



مۆندیالی 2014ی بەرازیل، وەک گەورەترین بۆنەی وەرزشیی جیهان کۆتاییهات، بێئەوەی ئێمەی کورد لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ سوودێکی لێوەربگرین، چونکە بە پێچەوانەی هەموو جیهان کورد تاکە میللەت بوو کە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی نەیانتوانی بەشداری تێدا بکەن. بێجگە لە ڕۆژنامەنووس (زانا قادر) کە دوای ماندووبوونێکی زۆر توانی بچێتە بەرازیل. ئەو لەگەڵ خۆیدا چەند وانەیەکی لە مۆندیال هێناوەتەوە، کە دەکرێت بزاڤی وەرزشیی کوردستان لە ڕێگەیانەوە سوودمەندبێت.

**زانا قادر**

وڵاتی بەرازیل، یان ناوە فەرمییەکەی کۆماری بەرازیلی یەکگرتوو، لە ڕووی فراوانی زەوی و زۆری دانیشتوان گەورەترین وڵاتی ئەمریکای باشوور و لاتینییە، سێیەمین گەورەترین وڵاتی هەردوو کیشوەری ئەمریکاو پێنجەمین گەورەترین وڵاتی جیهانە، تاکە وڵاتە کە لە هەردوو کیشوەری ئەمریکا بە زمانی پورتوگالی قسەدەکەن و گەورەترین وڵاتی جیهانە کە بەو زمانە قسەدەکەن. زەوی بەرازیل 47%ی تەواوی زەوی کیشوەری ئەمریکای باشوور پێکدێنێت، لە 26 ویلایەت و 5564 شارەوانی پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوانی نزیکە 200 ملیون کەسە، زمانی فەرمییان پورتوگالییە، ناوی بەرازیل لەناوی (باوبرازیل)ەوە هاتووە، کە ناوی درەختێکە لە بەرازیل دەڕوێت و ئەوروپییەکان زۆریان لێدەنارد بۆ ئەوروپا، چەندین ئاو ڕووبار و دەریا لە دەور و بەناو بەرازیلدا دەڕون، کە گرنگترینیان (ئەمازۆن)ە، پارەی فەرمی وڵات (ریال)ە، پایتەختەکەی ناوی (بەرازیلیا)یە. وڵاتێکە لە تەواوی دونیاوە خەڵک کۆچیکردووە بۆی.

بەرازیل وڵاتێکی هەژار نییە، هەم نەوتی هەیەو هەم زۆرینەی زەوییەکەی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنە، بەڵام وڵاتێکە تا ئێستاش کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری گەورەی هەیە، بە گوێرەی سەرچاوە فەرمییەکان تا ئێستاش هەزاران کەس لە ناوچە کشتوکاڵییەکان ژیانی کۆیلایەتی بەسەردەبەن، وڵاتێکە گەندەڵی زۆری تێدایە و گرووپ و تاقمی مافیاکان کاریگەریان هەیە لەسەر وڵاتەکە. قاوە ئەو بابەتەیە کە بەرازیلی پێدەناسرێت لە ئێستاشدا یاریزانانی تۆپی پێ چوونەتە پاڵ ناوی بەرازیل، لە نێوان ویلایەتەکانی بەرازیلدا تەواوی شتەکان جیاوازن، هەستدەکەین هەریەکەو وڵاتێکی سەربەخۆیە، خواردنیان ژیانی کۆمەڵایەتیان تەنانەت جلوبەرگ و تەکسی و خواردن و بیرەو هەمووی جیاوازن، بەڵام لە ڕووە سیاسی و سەربازی و داراییەکانەوە یەک وڵاتن، بۆ نموونە ئێمە چووینە 3 ویلایەت (ساوپاولۆ، سێڤیلیا، ڕیۆدیجانیرۆ)، یەکەمیان ویلایەتیکی گەورەو هێمن و باش و پیشەسازییە. دووەمیان بچووک و خراپ و پڕ لە مافیا و هەژاری و لەشفرۆشی بوو. سێیەمیشیان نیمچە پایتەخت و ژیانی پێشکەوت و بەڵام قەڵەباڵەغ. بەهۆی خواردن و خواردنەوەی مادە هۆشبەر و کهولییەکان خەڵکێکی زۆر دەبینیت لەسەر جادە دەخەون. لە تەواوی ویلایەتەکان ئەم دیاردەیە هەیە بە باران و سەرما و گەرما لەسەرجادە دەخەون، مندالانێکی زۆر بێخاوەنن، ڕێکخراوە کەنەسییەکان دالدەیان دەدەن. لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتورەوە شتێکی زۆر تایبەت و جیاوازن، ناتوانیت بڵێیت ئەوروپایە، چونکە لە بەرازیل خێزان هەیە باوک و دایک و مندالان پێکەوەن، بەڵام ئازادی سێکسی و جلوبەرگ و شتە تایبەتەکان نۆرماڵ و ئاساییە، واتە میللەتێک و حاڵەتێکی زۆر تایبەتن بەخۆیان، کەمیان لە زمانەکانی دیکە شارەزان بەتایبەت ئینگلیزی، بە گشتی عاشقی سەمای سامبا و تۆپی پێن، لە سواڵکەری سەرجادە تا دەگاتە بەڕێوەبەری فەرمانگە و بەرزتریش گوێیان لە مۆسیقای سامبا بێت خۆنەویستانە سەمادەکەن، ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان هەموویان هاندەری تۆپی پێی وڵاتەکەی خۆیانن، لەناو 200 ملیۆن بەرازیلیدا چەند هەزارێک نابینیت هاندەری وڵاتێکی دیکە بن. ڕۆژانی یاری بەرازیل هەموویان درێسی زەرد دەپۆشن.



بەرازیل وڵاتی کەنیسەو شوێنی گەشتیارییە، زۆرینەی کەنیسە دێرینەکانی دونیا لە بەرازیلن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرازیل وڵاتێکی تەکنەلۆجییە، واتا تەواوی کارەکان ئەلەکترۆنییە، بینای زۆر تایبەت و خەیاڵی و ژێرخانی ئابووری زۆر گەورەی هەیە، ژیرانە ئیشیان کردووە بۆ پێشخستنی وڵاتی خۆیان. بەهۆی بوونی دەریاو ڕووباری زۆر و سەوزایی برەویانداوە بە کەرتی گەشتوگوزار، کە ئێستا لە پێشەنگی وڵاتانی گەشتوگوزارە.

یەکێک لە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان پەیکەری (یەسوعە)، کە ساڵی 1931 لەسەر بەرزایی شاخی (کۆرکۆفاد) لە ڕیۆدیجانیرۆ دروستکراوە، 32 مەتر بەرزەو 1000 تەن دەبێت، 710 مەتر لە ئاستی دەریا بەرزترە، ساڵانە زیاتر لە 9 ملیون کەس تەنیا سەردانی ئەم پەیکەرە دەکەن. ئێمە لەوێ بووین تەنیا بلیتی بینینی نزیکەی 50 دولارە، ئەمڕۆ بلیت وەردەگریت دوای دوو ڕۆژ سەرەت دێت، هیچیشی لێنیە، واتە ناتوانیت لە ماوەیەکی کەم زیاتر لەوێ بمێنیتەوە، خەڵکەکە چەند وێنەیەک دەگرێت و دەگەڕێتەوە. کەواتە وڵاتێکە عەقل کاری تێدادەکات مافیا بۆ خزمەتی خۆشیبێت کاری گرنگ و مەزنی کردووە لەو وڵاتەدا، لە شاری ڕۆدیجانیرۆ ناوچەی سەردەریای (کۆپا کاپانا) هەیە، کە گرنگترین و گەورەترین ناوچەی گەشتوگوزاری جیهانە، کەواتە شێتی تۆپی پێ و سروشتی سەماکردن و جلوبەرگی تایبەت و سەرنجڕاکێش و هێمنی کەسەکانی بەرازیل هۆکاری جیاوازیانە لە تەواوی دونیا، بەڵام جوانی و قەشەنگی سروشتی بەرازیل نازناوی جوانترین وڵاتی دونیای پێداوە.

لەو وڵاتەدا کوردم نەبینی تەنیا کەسێک نەبێت کە خەڵکی زاخۆ بوو، مەسیحی بوو، بە عەرەبی قسەیدەکرد، بەڵام عەرەبم زۆر بینی، کە زۆریان لە ڕێگەی ژنهێنانەوە هاتبوونە بەرازیل، لێیانم بیست کە زۆریان هاوڕێی کوردیان هەیە لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە.

نووسینەکانم تایبەت بە وانەکانی بەرازیل کۆتاییهاتن، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووک بە هاوڕێ و هاوپیشە و خوێنەرانی بەڕێزم بکەم.

## ڕزگار عەلی، ڕاهێنەری نوێی یانەی سلێمانی:

# سلێمانی دەکەینە ژمارەیەکی قورس

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ڕزگار عەلی، ڕاهێنەری تازەی یانەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «یانەی سلێمانیی تیپێکی ئامادەیەو خاوەنی کۆمەڵێک یاریزانی باشە، لە ناو کۆمەڵێک گرێبەستدا یانەی سلێمانیم هەڵبژاردو دەمەوێ بیکەمە ژمارەیەکی قورس» .

ڕزگار عەلی، کە بە قسەی ئەو لەسەر داوای دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی ئەرکی مەشقی یانەکەی وەرگرتووە، بە نیازە زیاتر برەو بە ئاستی یانەکەی بدات و گوتی «یانەی سلێمانی خاوەنی کۆمەڵێک یاریزانی باش و بەتوانایە، دەمانەوێ زیاتر گرنگی بە ئاست و توانای یانەکە بدەین بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی داهاتوومان باشتر بن لە خولی نایابی کوردستان» . ڕزگار گوتیشی «دەبێ یانەی سلێمانی بکەینە یەکێک لە ژمارە هەرە قورسەکانی خولەکە» .



ئەو ڕاهێنەرە نایەوێ لەم قۆناخەدا هیچ گۆڕانکارییەک لە ریزی پێکهاتەی یانەکەیدا بکات و دەڵێت «بەڵام لە قۆناخی دووەمی خولەکەدا سەیری هێڵەکانی یاریکردنی تیپەکەمان دەکەین، ئەگەر کەم و کورتیمان هەبوو ئەوکات گۆڕانکاری دەکەین و هێڵەکانی تیپەکەمان بەهێزتر دەکەین» .

ڕزگار عەلی، دووپاتیکردەوە کە چەند گرێبەستێکی دیکەشی پێشکەشکرابوو، بەڵام ئەو سلێمانی هەڵبژاردووە «لە هەریەک لە یانەکانی شێروانە بۆ خولی نایاب و کۆیە و شەهیدان بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەڵام من گرێبەستەکەی یانەی سلێمانیم پێباشتربوو، چونکە سلێمانی شاری خۆمە، من لەو شارە دەژیم، هەموو ڕاهێنەرێک حەزدەکات لە شارەکەی خۆی کاری ڕاهێنەرایەتی بکات» .

## ناچارن بەرامبەر کوڕان یاری دەکەن..

# ڕاهێنەری ئافرۆدەیت: بووین بە ڕیال مەدرید

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ڕاهێنەری تیپی کچانی فوتساڵی ئافرۆدەیت گلەیی لە تیپەکانی فوستاڵی کچانی کوردستان و سنووری سلێمانی دەکات کە ناوێرن لە یاری دۆستانەدا ڕووبەڕوویان ببنەوەو ئەویش لە تاوا بۆ ئاست جێگیری یاریزانەکانی و دانەبڕانیان لەگەڵ تیپەکانی کوڕان یاریدەکات.

عەباس فەرەج، ڕاهێنەری تیپەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەهۆی ئەوەی نزیک دەبینەوە لە ساڵێک هیچ پاڵەوانییەتییەک ئەنجام نەدراوە، ناچارین بە یاری دۆستانە قەرەبووی ئەو پاڵەوانیەتییانە بۆ کچە یاریزانەکانم بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ تیپێکی دەڤەری سلێمانی لەسەر ئاستی کچان ناوێرێت بەرامبەرمان بۆستێتەوە، هەستدەکەم ئاستی بەرزی ئێمە هۆکاری ئەو ترسەیە، کە لە ماوەی ڕابردوودا کچەکانمان بەهۆی مەشق و ڕاهێنانەوە ئاستیان بەرزبووەتەوە، تیپەکەی ئێمە ئێستا لە چاو تیپەکانی دیکەی سنوورەکە بووەتە ڕیال مەدریدو کەس حەزناکات ڕووبەڕوومان بێتەوە نەوەک تووشی شکستی قورس ببن» .

کچانی ئافرۆدەیت کە سێیەمی کوردستانن، ڕۆژانە مەشقەکانیان بەردەوامەو چەند یارییەکی دۆستانەیان لەگەڵ چەند تیپێکی کوڕانە ئەنجامداوە .ئەو گوتیشی «بە هیواین لە داهاتوویەکی نزیکدا پاڵەوانیەتی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بۆ ڕکابەرەکانی پیشان بدەین کە ئافرۆدەیتێکی جیاواز هاتووەتەوە مەیدان» .





## ساختەچییە



رۆژنامەکانی ئەڵمانیا و جیهان خەریکی ئاشکراکردنی وردەکاری زیاترن، لە بارەی سزادانی مارکۆ ریۆسی یاریزانی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی ئوتۆمبێل. لە تازەترین وردەکارییەکانی ئەو رۆژڤەدا دەرکەوتووە ریۆس تەنیا بەوە نەوەستاوە بێ مۆڵەت ئۆتۆمبێل لێبخورێت، بەڵکو هەوڵیداوە بە مۆڵەتی ساختە فێڵ لە پیاوانی پۆلیسی ئەڵمانیاش بکات، گوایە ئەو مۆڵەتەی ئەوکاتە بەدەستهێناوە کە یاری بۆ یانەی بورۆسیا مونشنگلادباخ دەکرد، ئەو شارەی تەنیا 30 کیلۆمەتر لە سنووری هۆڵەنداوە دوورە.

### لە ریال مەدرید..

# کەس ناتوانێت رووبەڕووی کاسیاس ببێتەوە



رۆژنامەنووسێکی ئیسپانی:

**هەموو یاریزانانی ریال مەدرید پێیانخۆشە ناڤاس گۆڵچی سەرەکی یانەکەیان بێت**



«ناڤاس دەیەوێ لە دۆزەخی ریال مەدرید رابکات»

**ئا: ئیحسان تاهیر**

رۆژنامەنووسێکی ئیسپانی ئاشکرایدەکات کە هەموو یاریزانانی ریال مەدرید زیاتر بڕوایان بە تواناکانی کیلۆر ناڤاس هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە گۆڵەکەیان بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئیکەر کاسیاس زۆر دەستی دەڕوات لەو یانەیەداو بنەماڵەی شاهانەی ئیسپانیاش خۆشیان دەوێت، هەر خۆی بە گۆڵچی سەرەکی یانەکە دەمێنێتەوە. رۆژنامەنووسێکی دیکەش دەڵێت «ناڤاس لە ریال مەدرید دەڕوات، لەبەرئەوەی هەستدەکات ستەمی لێدەکرێت».

### ناڤاس باشترە

لاتیجۆ سیرانۆی رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، کە زۆر نزیکە لە یانەی شاهانە باس لە ململانێی نێوان کاسیاس و ناڤاس دەکات و دەڵێت «قسەم لەگەڵ زۆر یاریزانی ریال مەدرید کردووە، هەموویان پێیانگوتووم کە ئەوکاتەی ناڤاس بەرگری لە گۆڵەکەیان دەکات زیاتر هەست بە ئارامی دەکەن و ئەوکاتەی کاسیاس لە گۆڵی یانەکەیاندا دەبینن ترسیان زۆرترە». سیرانۆ زیاتر باس دەکات و دەڵێت «یاریزانانەی ریال مەدرید لەبەرئەوە ناڤاسیان خۆشتر دەوێت لە کاسیاس، چونکە زیاتر متمانەی بەخۆیەو لە تۆپە بەرزەکانیشدا زۆر باشە، هەروەها ناڤاس زۆر کێشەی بەرگریکارانیش چارەسەر دەکات». بە قسەی ئەو رۆژنامەنووسە بێت «سەرەڕای هەموو ئەمانە هەر کاسیاس بە گۆڵچی سەرەکی دەمێنێتەوە، چونکە بووەتە ئیمپراتۆری یانەکە، دەستی زۆر دەڕوات و جەماوەری مەدرید و بنەماڵەی شاهانەش زۆر خۆشیان دەوێت».

### ناڤاس پەشیمانە

رامۆن دیاز، رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئیسپانییەو بە کەسێکی زۆر پیشەگەر و راستگۆ ناسراوە، رایگەیاند کە ناڤاس پەشیمانە لە چوونە ریزەکانی ریال مەدرید و بە نیگەرانییەوە گەڕاوەتە کۆستاریکا «ناڤاس بە دڵێکی ناخۆشەو گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی بۆ بەسەربردنی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی نوێ، چونکە هەستدەکات لە ریال مەدرید ستەمی لێدەکرێت و دەرفەتی یاریکردنی پێنادرێت». بە قسەی ئەو رۆژنامەنووسە، ناڤاس گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بەهۆی ئەو متمانە زۆرەی مەدریدییەکان بە ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی هەیانەو بەهۆی ئەوەی کە زۆر خۆشیان دەوێت، هەرگیز دەرفەتی ئەوەی بۆ نارەخسێت وەک گۆڵچی سەرەکی ریال مەدرید یاریبکات». دیاز زیاتر باسی بارودۆخی ناڤاس دەکات و دەڵێت «ناڤاس بە هاوڕێ نزیکەکانی گوتووە کە زۆر نیگەرانە لە بارودۆخی ئێستای لەگەڵ ریال مەدرید و بە راشکاوانە گوتوویەتی من پەشیمانم لە گرێبەستکردن لەگەڵ ریال مەدرید، چونکە نەمزانی رووبەڕووی ئەو ستەمە دەبمەوە». هەروەها دەشڵێت «ناڤاس بە هاوڕێکانی گوتووە دەبێ یانەیەکی دیکە بدۆزمەوە، چونکە ناکرێ من لەسەر کورسی یەدەگ بمێنمەوە».

کیلۆر ناڤاس، لە مۆندیالی 2014ی بەرازیلدا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا ئاستێکی زۆر بەرزی پێشکەشکردو هەموو جیهانی سەرسامکرد. هەروەها بە باشترین یاریزانی 2014ی کۆنکاکاف دەستنیشانکراوە.

### ناڤاس و کاسیاس جیاوازن

رۆژنامەی ABC ئیسپانیش بڵاویکردووەتەوە کە راهێنەری گۆڵچییەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەراپۆرتێکدا باسی لە جیاوازییەکانی نێوان ئیکەر کاسیاس و کیلۆر ناڤاس، هەردوو گۆڵچییەکەی ئەو یانەیە کردووە و راپۆرتەکەی داوەتە دەستی کارلۆ ئەنچیلۆتیی راهێنەر.

بە پێی ئەو رۆژنامەیە ویلیام ڤیکیی راهێنەری گۆڵچییەکان لە یانەی ریال مەدرید، راپۆرتێکی تێروتەسەلی ئامادەکردووە بۆ بەراوردکردن لە نێوان کاسیاس و ناڤاس بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بە کارلۆ ئەنچیلۆتیی راهێنەر بدات لە بارەی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کامەیان لە یارییەکاندا بەشداری بکەن.

رۆژنامەکە باس لەوە دەکات «لە راپۆرتەکەیدا، ڤیکی دووپاتیکردووەتەوە کە لە بەرپەرچدانەوەی تۆپە بەرزەکاندا کیلۆر ناڤاس زۆر لە ئیکەر کاسیاس لێهاتووتر و بەتواناترە، لە بەرامبەریشدا کاسیاس لە بەرنگاربوونەوە تاکەکەسییەکاندا بەتواناترە و زۆر لێهاتووانە بەرپەرچی هێرشە پێچەوانەکان دەداتەوە».

بە گوێرەی رۆژنامەکە، ڤیکی لە راپۆرتەکەیدا باسی لە بۆچوونی کەسیی خۆی نەکردووە کە کامەیان بە باشتر دەزانێت بۆ ئەوەی بە شێوەی سەرەکی بەشداری لە یارییەکاندا بکەن، بەڵام ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانەی یارییەکانی خولی ئیسپانیدا گرفتی یانەی ریال مەدرید لە تۆپە بەرزەکاندایە نەک لە هێرشە پێچەوانەکان. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە ریال مەدرید زیاتر پێویستی بە تواناکانی ناڤاسە نەک کاسیاس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنچیلۆتی نەیتوانی ناڤاس بکاتە گۆڵچی سەرەکی.

### کاسیاس کوڕی شاهانەیە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە، دوای بینینی ئەو راپۆرتەی رۆژنامەی ABC رایگەیاند کە کەس ناتوانێت کاسیاس لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدرید دووربخاتەوە، بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی ریال مەدرید بەرگری لێدەکەن، تەنانەت لەلایەن بنەماڵەی شاهانەشەوە پشتگیری لێدەکرێت و بەڵگەیەک بۆ راستی قسەکانی دێنێتەوەو دەڵێت «ئەوکاتەی کاسیاس کێشەی لەگەڵ خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پێشووی ریال مەدرید هەبوو، پاسەوانێکی ئیمپراتۆری ئیسپانی بەرگری لە کاسیاس کردووە و دژی مۆرینیۆ وەستاوەتەوە». هەروەها دەشڵێت «مۆرینیۆ بەهۆی کاسیاس جێگەی لە ریال مەدرید نەما». ئەو سەرچاوەیە زیاتر باس لە باڵادەستی کاسیاس لەناو یاریزانانی ریال مەدرید دەکات و دەڵێت «دەرکردنی دییگۆ لۆپێزی گۆڵچیش هەر لەبەر خاتری کاسیاس بوو، ئەگەرنا چەندینجار ویلیام ڤیکی راهێنەری گۆڵچییەکانی ریال مەدرید بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانی بەوەداناوە کە لۆپێز لە کاسیاس باشترە». ئەو سەرچاوەیە بۆ راستی قسەکانیشی لێدوانێکی ڤیکی بە نموونە دێنێتەوە کە سەبارەت بە لۆپێز گوتوویەتی «لۆپێز ئەو گۆڵچییەیە کە هەموو شتێک ئەنجام دەدات، لە رووی هونەری و تەکتیکییەوە کاملە و لە رووی دەروونیشەوە دەزانێت چۆن رووبەڕووی فشارەکان بێتەوە. بە هەردوو قاچی دەتوانێت تۆپەکان بگەڕێنێتەوە، لە کاتی پێویستدا لە گۆڵەکەی دەردەچێت، درێژی باڵای 196 سانتیمەترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپەچدانەوەکەی زۆر خێرایە، بێگومان لۆپێز باشترین گۆڵچی جیهانە».

### کەتەلۆنییەکان دەیانەوێ سیناریۆی 2011 دووبارە بێتەوە..

# شەڕی باڵۆن دۆر گەرم دەبێت

## میسی تێرە و رۆناڵدۆ برسی



«لە 2014دا رۆناڵدۆ لە کۆی 61 گۆڵ 13ی بە پەناڵتی و میسیش لە کۆی 58 گۆڵ 6ی بە پەناڵتی تۆمارکردووە»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

تاوەکو رۆژی دەستنیشانکردنی براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر نزیک دەبێتەوە، ئاگری ململانێ و دەمەقاڵێ نێوان رۆژنامەکانی مەردید و کەتەلۆنیا گەرمتر و بەتینتر دەبێت. مەدریدییەکان پێیانوایە رۆژی 2015/1/12 کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی شاهانە بە بێ کابەر خەڵاتەکە دەباتەوە. کەتەلۆنییەکانیش دەڵێن «نەخێر لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەکەیان زیاتر لە رۆناڵدۆ شایەنترە بۆ ئەو خەڵاتە»، بۆ سەلماندنی قسەکانیشیان پەنا دەبەنە بەر ئامارەکان.

بێگومان فیفا و ئەوانەی دەنگیش بۆ دەستنیشانکردنی براوەی باڵۆن دۆر دەدەن پشت بە ئاماری گۆڵەکانی یاریزانە رکابەرەکان دەبەستن. بۆیە رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی ئاماری میسی و رۆناڵدۆ لە ساڵی 2014 دەخاتەڕوو، کە پێییوایە ئامارەکان لە بەرژەوەندی میسیدان.

### لیۆنێل میسی

بە پێی ئەو ئامارانە میسی لەم ساڵەدا 58 گۆڵی تۆمارکردووە. 50 بۆ بارسێلۆنا و 8 گۆڵیش بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، کە 4 گۆڵ لە مۆندیالی بەرازیل بوون و 4 گۆڵیش لە یارییە دۆستانەکاندا. میسی هەموو ئەو گۆڵانەی لە 66 یاریدا تۆمارکردووە، واتە لە هەر یارییەکدا 0.87 گۆڵی کردووە. هەروەها میسی لەم ساڵەدا 24 ئەسیستی هەبووە، واتە بەشداری راستەوخۆی لە 82 گۆڵدا هەبووە بۆ یانەی بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین. واتە لە هەر یارییەکدا بەشداری راستەوخۆی لە 1.25 گۆڵدا هەبووە.

### کریستیانۆ رۆناڵدۆ

هەرچی رۆناڵدۆیە لە ساڵێکدا 61 گۆڵی تۆمارکردووە. 56 بۆ ریال مەدرید و 5 گۆڵیش بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال، کە تەنیا گۆڵێکی لە مۆندیالی بەرازیل بووە و 4 گۆڵیش لە یارییە دۆستانەکان و پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2016 بوون. رۆناڵدۆ هەموو ئەو گۆڵانەی لە 60 یاریدا تۆمارکردووە، واتە لە هەر یارییەکدا 1.01 گۆڵی کردووە. هەروەها رۆناڵدۆ لەم ساڵەدا 19 ئەسیستی هەبووە، واتە بەشداری راستەوخۆی لە 80 گۆڵدا هەبووە بۆ یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال. واتە لە هەر یارییەکدا بەشداری راستەوخۆی لە 1.25 گۆڵدا هەبووە.

### 6 بە 13

کەتەلۆنییەکان سوورن لەسەر ئەوەی لە ساڵی 2014دا ئامارەکانی میسی لە ئامارەکانی رۆناڵدۆ باشترن و پاساو بەوە دەنێنەوە کە میسی لە کۆی ئەو 58 گۆڵەی لەو ساڵەدا تۆماریکردوون تەنیا 6یان بە لێدانی سزا بووە، کەچی رۆناڵدۆ لە کۆی ئەو 61 گۆڵەی لەو ساڵەدا تۆماریکردوون، 13یان بە لێدانی سزا بووە. واتە بە قسەی ئەوان بێت ئەگەر لێدانەکانی سزا هەژمار نەکرێن میسی دەبێتە خاوەنی 52 گۆڵ کە بە تواناکانی خۆی تۆماریکردوون و رۆناڵدۆش دەبێتە خاوەنی 48 گۆڵ کە بە تواناکانی خۆی تۆماریکردوون.

### میسی = 354 و رۆناڵدۆ = 331

کەتەلۆنییەکان بەوەندەش ناوەستن و ئامارە گشتییەکانی میسی و رۆناڵدۆ لە ساڵی 2009وە دەخەنەڕوو، لەو کاتەوەی میسی و رۆناڵدۆ پێکەوە لە خولی ئیسپانیا یارییان کردووە. کە لەو ماوەیەدا میسی لە سەرجەم خول و پاڵەوانییەتییەکاندا 354 گۆڵی بۆ بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین تۆمارکردووە. هەرچی رۆناڵدۆیە لەو ماوەیەدا لە سەرجەم خول و پاڵەوانییەتییەکاندا 331 گۆڵی بۆ ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال تۆمارکردووە. لەو 6 ساڵەدا میسی لە 3 ساڵ و رۆناڵدۆش لە 3 ساڵدا باڵادەستبوونە. میسی لە ساڵانی 2009 و 2010 و 2012 زیاتر لە رۆناڵدۆ گۆڵی هەیە و رۆناڵدۆش لە ساڵانی 2011 و 2013 و 2014 زیاتر لە میسی گۆڵی کردووە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی 2011 رۆناڵدۆ زیاتر لە میسی گۆڵی تۆمارکردبوو، کە 60 گۆڵ بوو بەرامبەر 59 گۆڵ بۆ میسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتی باڵۆن دۆر بە میسی درا، کە کەتەلۆنییەکان بەهیوای ئەوەن ئەمساڵیش هەمان سیناریۆی 2011 دووبارەبێتەوە، ئەگەرچی زۆربەی چاودێران ئەوە بە زەحمەت دەزانن.

### کۆی گۆڵەکانیان لە 2009وە

| ساڵ | لیۆنێل میسی | کریستیانۆ رۆناڵدۆ |
|---|---|---|
| 2009 | 41 | 30 |
| 2010 | 60 | 48 |
| 2011 | 59 | 60 |
| 2012 | 91 | 63 |
| 2013 | 45 | 69 |
| 2014 | 58 | 61 |
| کۆی گشتی | 354 | 331 |

**رووداوی وەرزشی - AS**

ماریۆ کیمبس، ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتینی هۆکاری باڵادەستی ئەمساڵی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بەسەر لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە میسی لە بردنەوەی نازناو و دەستکەوتەکان تێر بووەو رۆناڵدۆش هێشتا برسی نازناوەکانە. کیمبس پێیوایە، هاونیشتمانەکەی لیونێل میسی وەکجاران برسی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی نازناوەکان نییە، وەک چۆن رکابەرەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ وایە. دوای ئەوەی لە راپرسییەکدا کە کام یاریزانێک براوەی باڵۆن دۆر دەبێت، میسی لە پلەی دووەم و لە دوای رۆناڵدۆ هات، کیمبس لە بارەی سەرکەوتنی رۆناڵدۆ بەسەر میسی بە رۆژنامەی ASی ئیسپانی گوت «میسی ئێستا لە لوتکەی ئاستیدا نییە، ئەو یاریزانە نەماوە کە چەند ساڵێک پێش ئێستا هەموو شتێکی دەکرد، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە پێموایە رۆناڵدۆ زیاتر لە میسی تینووی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی نازناوەکانە، ئەوە ئێستا جیاوازی نێوان ریال مەدرید و بارسێلۆنایە». کیمبس هەروەها دووپاتیکردەوە «میسی لە رەخساندنی درەفەت و دروستکردنی یاری هێشتا باشترینە، راستە هەمان یاریزانی دوو سێ ساڵ پێش ئێستا نییە، بەڵام دەتوانێت بە شێوەیەکی نایاب یاری دروست بکات، بوونی لە ناوەڕاست رێگەی تۆپ دابەشکردنی بە سەربەستی و هاوڕێیانی چۆنیان بووێ بەو شێوەیە تۆپیان بۆ خۆش دەکات».

ڕووداوی وەرزشی
ژمارە (332) سێشەممە 2014/12/30



## واز ناهێنێت

یانەی بۆڵتۆن، کە لە ڕیزی یانە پلە دووەکانی ئینگلتەرا یاریدەکات، ڕایگەیاند گرێبەستێکی کورتی لەگەڵ هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، ئیمێل هێسکی واژووکردووە. هێسکی ماوەیەکی کەم لەگەڵ یانەکە مەشقی کردووە، ئەمەش بووەتە مایەی بایەخی ڕاهێنەری یانەکە نیل لینۆن، کە پێشتریش بە خێرایی گرێبەستی لەگەڵ ئیدۆر گودیۆنسنی دانیمارکی واژووکردووە. هێسکی تەمەن 36 ساڵ لەوەتەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی نیوکاسڵ گیتسی ئوسترالی کۆتایی هاتووە، یاری بۆ هیچ یانەیەک نەکردووە. پێشتریش یاری بۆ یانەکانی لیستەر سیتی، لیڤەرپوول، بێرمینگهام سیتی، ویگان و ئەستۆن ڤێلای ئینگلیزی کردووە. لەگەڵ 62 یاری نێودەوڵەتی.


## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# کاسیاس مێشکی حوشتری هەیە و کینیش هەر بە منداڵ دەمێنێتەوە

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

## کاسیاس مێشکی حوشتری هەیە



لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە. لەو گرتەیەدا کاسیاس لەگەڵ ئەندامێکی دەستەی هونەری یانەی ڕایل مەدرید دەردەکەوێ کە لە بارەی هەندێک یاری پێش چەند ساڵێکی ڕیال مەدرید پرسیاری لێدەکات، سەیر لەوەدایە کاسیاس هەموو شتێکی ورد و درشتی ئەو یاریانەی لەبیر ماوە، هەتا ئەو یاریزانانەی گۆڵیشیان بۆ ڕیال مەدردی تۆمارکردووەو ئەوانە لە ڕیال مەدریدیشیان تۆمارکردووە.، فێرناندۆ هیێرۆ یاریزانی پێشووی ڕیال مەدریدیش لەوێیە، بەڵام کاتێک پرسیار لەو دەکرێت ئەو هیچ شتێکی لە بارەی ئەو یاریانە لەبیر نەماوە. بۆیە لە ئاست کاسیاسدا سەری سوڕ دەمێنێت.

پێدەچێت ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ڕیال مەدرید مێشکی زۆر بەهێزبێت و هەر لە مێشکی حوشتر بچێت، ئەمەش دوای ئەو گرتە ڤیدیۆیەی کە

## کین هەر بە منداڵ دەمێنێتەوە



ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئاشکرایکردووە، کە ڕۆی کینی ڕاهێنەری پێشووی یانەی ئەستۆن ڤێلای ئینگلیزی هەڵسوکەوتی منداڵانەیە، چونکە وەک منداڵ هێرشی کردووەتە سەر ماڵی یاریزانی یانەکە، تۆم کلیڤرلی. ئەمەش دوای ئەوەی کلیڤرلی کینی بەوە تۆمەتبار کرد، کە کێشەی زۆری لەگەڵ یاریزانەکان دەنایەوە و هەر ئەوەش هۆکاری دوورخستنەوەی بووە. ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات کین بە تووڕەیی چووەتە ماڵی کلیڤرلی بۆ ئەوەی لەو بارەوە قسەی لەگەڵ بکات و نووسیویەتی «کین کە بەوە ناسراوە بەردەوام لێدوانی ئاگرین دەدات و قسەکانی مشتومڕی زۆر دەنێنەوە، زۆر بە تووڕەیی چووەتە ماڵی کلیڤرلی و لە دەرگای داوە و 10 خولەکیش چاوەڕێی کردووە، بەڵام ئەو نەهاتووەتەوە دەرەوە، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەگەر کلیڤرلی بهاتایەتە دەرەوە ڕەوشەکە زۆر خراپتر دەبوو، چونکە دڵنیان لەوەی کین خۆی پێنەدەگیراو لە کلیڤرلی دەدا. بەڵام پێدەچێت لە ڕۆژانی داهاتوودا شتی تازە لەو بارەوە سەر هەڵبدات.

## بە 48 ساڵی گرێبەستەکەی نوێکردەوە



هێرشبەری نێودەوڵەتی پێشووی ژاپۆنی کازۆیوشی میۆرا ڕازی بوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی یۆکۆهاما ئێف سی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە تازە بکاتەوە، تاوەکو ئێرە هەواڵەکە زۆر ئاساییە، بەڵام سەیرییەکە لە تەمەنی ئەو یاریزانە دایە کە گەیشتووەتە 48 ساڵی، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانێکی زۆر چوست و چالاکە و ئاستیشی زۆر باشە، بۆیە دەیەوێ ساڵێکی دیکەش لە نێو یاریگەکان بمێنێتەوە، بەمەش یازۆیوشی دەبێتە سەر دەستەی ئێستای یاریزانانی جیهان، بۆ زانیاری ئەو هێرشبەری پێشووی یانەی جەنەوای ئیتاڵی بوو، بەم نزیکانە یادی لەدایکبوونی 48 ساڵەی دەکاتەوە. یازۆیوشی لە جامی نەتەوەکانی ئاسیای ساڵی 1992 بە باشترین یاریزان و لە ساڵی 1993 بە باشترین یاریزانی ئاسیا دەستنیشانکراوە.

## کەسایەتی ئەستێرەکان لە ئۆتۆمبێلەکانیان دایە..

# کوڕە کوردەکە حەزی لە فیرارییە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

پەندێک هەیە دەڵێت «گرنگترین شت لە رواڵەتی دەرەوەت جۆری ئۆتۆمبێلەکەتە. ئەوە بە روونی لە رواڵەتی ئەستێرەکانی تۆپی پێدا دەردەکەوێ. کە هەندێک پێیانوایە دەتوانی کەسایەتی ئەو ئەستێرانە لە جۆر و ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکانیاندا بخوێنییەوە. بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا گرانترین ئۆتۆمبێلی ئەستێرەکان دەخەینەڕوو:



### لیونێل میسی (مازاراتی گران تۆریسمۆ ئێم سی ستراديل)

بێجگە لە لیۆنێل میسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، کێ هەیە سواری ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە بێت، کە چەند ژمارەیەکی کەمی کەوتووەتە بازاڕەکانی جیهانەوە، میسی ڕەنگی سپی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی شەیدای ئەو ڕەنگەیە و دڵی پێدەکرێتەوە.

### کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (لامبۆرگینی ئەفینتادۆر)

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیش خاوەنی کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلە، بەڵام ئەو ئۆتۆمبێلە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت لەلای زۆر خۆشەویستە، کە نایەوێ ئاشکرایان بکات. ئەو بێجگە لەو جۆرە چەندین ئۆتۆمبێلی دیکەی لە جۆرەکانی ئۆدی، فیراری و مێرسیدسیشی هەیە.



### نیمار دا سیلڤا (پۆرش بانامیرا تیربۆ ئێس)

هەڵگری ژمارە 10 لە هەڵبژاردەی بەرازیل و ژمارە 11 لە یانەی بارسێلۆنا ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەی هەیە، ئۆتۆمبێلەکە لە خێرایی ئەو یاریزانە دەچێت کە دەتوانێ لە 3.8 چرکەدا بگاتە خێرایی 10 کیلۆمەتر.

### داڤید ڤیا (پۆرش 911 تیربۆ)

داڤید ڤیا، گۆڵکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، کە پێشتر بۆ یانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و بارسێلۆنا یاری کردووە، ئۆ تۆ مبێلێکی ڕەنگ ڕەشی لەو جۆرەی هەیە.

### واین ڕۆنی (ڕەنج ڕۆڤەر ئۆڤەرفینش)

گۆلدن بۆی ئینگلیزی و کوڕە گۆڵکارەکەی یانەی شەیتانە سوورەکان، ئەو جۆرە کەمەی ئۆتۆمبێلی جۆری لاند ڕۆڤەری هەیە، کە پانایی تایەکانی 22 بوسەیە.

### ڕۆبن ڤان پێرسی (پۆرش کایین تیربۆ)


ڤان پێرسی، شەیتانە سوورەکەی هەڵبژاردەی هۆڵەندا، لە ڕووی ئۆتۆمبێلیشەوە هەر شیک و کەشخەیە، چونکە ئەوەی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەی هەبێ بەڵگەی کەشخەیی خاوەنەکەی دەسەلمێنێ.

### ماریۆ بالۆتێلی (فیراری ئێف 12)


سوپەر ماریۆی ئیتاڵی، دەبێت ئۆتۆمبێلەکەشی هەر سوپەر بێ، بۆیە ڕووی لە فیراری کردووە کە لە بازاڕەکانی جیهاندا بە سوپەر دادەنرێ، چونکە خێراترین جۆری ئۆتۆمبێلە لە جیهاندا. بالۆتێلی ئۆتۆمبێلی جۆری مازاراتیشی هەیە.

### مەسعود ئۆزێل (فیراری 458)

کوپێ فیراری ڕەش، ئەگەر خەیاڵت بۆ ئەوە چوو کام یاریزان ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەی هەیە و لەگەڵی دەگونجێ، بێگومان وەڵامەکەت مەسعود ئۆزێلی کوڕە کوردەکەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئارسناڵی لەندەنی دەبێت.







# ڕیڤاڵدۆی نوێ ئەوروپای شێتکردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

ئەستێرەی لاوی بەرازیلی، ئەندرسۆن کۆنسیساو سۆزای ناسراو بە تالیسکا، بەو ئاستە بەرزەی ئەمساڵ لەگەڵ یانەی بەنفیکای پورتوگالی پێشکەشی کردووە، توانیویەتی سەرنجی هەموو جیهان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و وای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جەماوەرەکەی کردووە بە "ڕیڤاڵدۆی نوێ" بیناسن.

تالیکسا، کە باشترین تازە ئەستێرەی دەرکەوتووی بەرازیلە و تەمەنی 20 ساڵە، توانیویەتی لە یەکەم وەرزی لەگەڵ بەنفیکا ئاستێکی بەرز نیشان بدات. تالیسکا لە هاوینی ڕابردوودا بە بڕی 4 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی باهیاوە هاتە ڕیزەکانی بەنفیکا، بەڵام هەر زوو توانی شوێن پەنجەی خۆی لەگەڵ تیپەکە بسەلمێنێت، چ لە گۆڵ تۆمارکردن و چ لە گۆڵ دروستکردندا، ئەمەش بووە هۆی بەناوبانگبوونی لە دەرەوەی پورتوگالدا، بۆیە ئێستا زۆربەی یانە گەورەکانی ئەورووپا چاویان خستووەتە سەری و دەیانەوێ تواناکانی بەدەستبێنن، کە لە پورتوگال هەموو تالیسکا بە ڕیڤاڵدۆی تازە ناودەبەن، چونکە ئاست و شێوازی یاریکردنی زۆر لە ڕیڤاڵدۆ دەچێت.

چەندین یانەی بەناوبانگی وەک ئارسناڵ، چێڵسی و مانچستەر یونایتد لە ئینگلتەرا، یوڤانتۆس و ئەنتەرمیلان لە ئیتاڵیا بایەخ بەو یاریزانە دەدەن، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن "خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری چێڵسی لە ماوەی گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانەی دەوێ بەهەر شێوەیەک و هەر نرخێک بێت".

بەڵام گرێبەستەکەی تالیسکا لەگەڵ بەنفیکا لە ساڵی 2019 تەواودەبێت، بۆیە تاکە شێوازی ڕۆیشتنی دانی بڕی مەرجی سزایی گرێبەستەکەیەتی، چونکە بەنفیکا ئامادە نییە بە بڕە پارەیەکی کەم دەستبەرداری بێت.

چاودێران پێشبینی دەکەن یانە گەورەکانی ئەورووپا لە مانگی داهاتوودا بکەونە خۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن تالیسکا ڕازی بکەن یارییان بۆ بکات، هەرچەندە ئەو مانەوەی خۆی لە بەنفیکا دووپاتکردووەتەوە، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی میرکاتۆی زستانە بین، بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوودەدات؟.



# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**پاڵەوانیەتی دوبەی**
سێشەممە 2014/12/30
07:00
ریال مەدرید - میلان

**یاری دۆستانە**
سێشەممە 2014/12/30
10:00
پاریس سانجێرمان - ئینتەرمیلان

**خولی کوردستان**
پێنجشەممە 2015/1/1
02:30
زێرەڤانی - هەولێر

**خولی ئینگلتەرا**
پێنجشەممە 2015/1/1
06:00
ساوسهامبتۆن - ئارسناڵ

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 17)

شەممە 2015/1/3

| | |
|---|---|
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ لیڤانتی | 06:00 |
| سڤیلیا ـ سێلتاڤیکۆ | 08:00 |
| ئیلچێ ـ ڤیاڕیال | 10:00 |
| دیپۆرتیڤۆ ـ ئەتلەتیک بلباو | 12:00 |
| مەلەگە ـ ئەلمێریا | 12:00 |

یەکشەممە 2015/1/4

| | |
|---|---|
| خیتافی ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 02:00 |
| ڤالێنسیا ـ ریال مەدرید | 07:00 |
| ئیسپانیۆل ـ ئیبار | 09:00 |
| ریال سۆسیداد ـ بارسێلۆنا | 11:00 |

دووشەممە 2015/1/5

| | |
|---|---|
| قورتوبە ـ غەڕناتە | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 39 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 38 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 35 |
| 4 ـ ڤالێنسیا | 31 |
| 5 ـ ڤیاڕیال | 30 |
| 6 ـ سڤیلیا | 30 |
| 7 ـ مەلەگە | 30 |
| 8 ـ سێلتاڤیکۆ | 20 |
| 9 ـ ئیبار | 20 |
| 10 ـ ئیسپانیۆل | 20 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کریستیانۆ | ریال مەدرید | 25 |
| 2 ـ میسی | بارسێلۆنا | 15 |
| 3 ـ نیمار | بارسێلۆنا | 11 |
| 4 ـ باکا | سڤیلیا | 10 |
| 5 ـ بنزیمە | ریال مەدرید | 8 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 20)

پێنجشەممە 2015/1/1

| | |
|---|---|
| ستۆک سیتی ـ مانچستەر یونایتد | 03:45 |
| ئەستۆن ڤێلا ـ کریستال پالاس | 06:00 |
| هاڵ سیتی ـ ئێڤەرتۆن | 06:00 |
| لیڤەرپووڵ ـ لیستەر سیتی | 06:00 |
| مانچستەر سیتی ـ سەندرلاند | 06:00 |
| نیۆکاسل ـ بێرنلی | 06:00 |
| کۆینز پارک رێنجەرز ـ سوانزی سیتی | 06:00 |
| ساوسهامبتۆن ـ ئارسناڵ | 06:00 |
| وێستهام ـ وێست برۆمیچ | 06:00 |
| تۆتنهام ـ چێڵسی | 08:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێڵسی | 46 |
| 2 ـ مانچستەر سیتی | 43 |
| 3 ـ مانچستەر یونایتد | 36 |
| 4 ـ ساوسهامبتۆن | 33 |
| 5 ـ ئارسناڵ | 33 |
| 6 ـ وێستهام | 31 |
| 7 ـ تۆتنهام | 31 |
| 8 ـ سوانزی سیتی | 28 |
| 9 ـ نیۆکاسل | 26 |
| 10 ـ لیڤەرپووڵ | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 2 ـ کۆستا | چێڵسی | 13 |
| 3 ـ ئۆستن | کۆینز پارک رێنجەرز | 12 |
| 4 ـ سانچێز | ئارسناڵ | 10 |
| 5 ـ پێلێ یانە | ساوسهامبتۆن | 9 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لیڤەرپووڵ ـ سوانزی سیتی) دانراوە.

## خولی کوردستان (هەفتەی 10)

پێنجشەممە 2015/1/1


| | |
|---|---|
| زێرەڤانی ـ هەولێر | 02:30 |
| پێشمەرگەی هەولێر ـ ئارارات | 02:30 |
| پێشمەرگەی سلێمانی ـ دهۆک | 02:30 |

هەینی 2015/1/2

| | |
|---|---|
| زاخۆ ـ کەرکووک | 02:30 |
| نەورۆز ـ هندرێن | 02:30 |
| برایەتی ـ سلێمانی | 02:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ زێرەڤانی | 19 |
| 2 ـ دهۆک | 16 |
| 3 ـ زاخۆ | 16 |
| 4 ـ نەورۆز | 15 |
| 5 ـ سلێمانی | 12 |
| 6 ـ پێشمەرگەی هەولێر | 10 |
| 7 ـ برایەتی | 10 |
| 8 ـ ئارارات | 9 |
| 9 ـ هەولێر | 8 |
| 10 ـ هندرێن | 7 |
| 11 ـ شێروانە | 7 |
| 12 ـ کەرکووک | 6 |
| 13 ـ پێشمەرگەی سلێمانی | 4 |
| 14 ـ بروسک | 0 |

## خشتەی جامی نەتەوەکانی ئاسیا 2015




گرووپی A: کۆریای باشوور ـ ئۆستراليا ـ کوێت ـ عومان
گرووپی B: سعوودیە ـ ئۆزباکستان ـ کۆریای باکوور ـ چین
گرووپی C: ئێران ـ قەتەر ـ ئیمارات ـ بەحرێن
گرووپی D: ژاپۆن ـ عێراق ـ ئوردن ـ فەلەستین

(قۆناخی یەکەم)

هەینی 2015/1/9

| | |
|---|---|
| ئۆستراليا ـ کوێت | 11:30 |

شەممە 2015/1/10

| | |
|---|---|
| کۆریا باشوور ـ عومان | 08:00 |
| ئۆزباکستان ـ کۆریای باکوور | 10:00 |
| سعوودیە ـ چین | 12:00 |

یەکشەممە 2015/1/11

| | |
|---|---|
| ئیمارات ـ قەتەر | 10:00 |
| ئێران ـ بەحرێن | 12:00 |

دووشەممە 2015/1/12

| | |
|---|---|
| ژاپۆن ـ فەلەستین | 10:00 |
| ئوردن ـ عێراق | 12:00 |

سێشەممە 2015/1/13

| | |
|---|---|
| کوێت ـ کۆریای باکوور | 10:00 |
| عومان ـ ئۆستراليا | 12:00 |

چوارشەممە 2015/1/14

| | |
|---|---|
| کۆریای باکوور ـ سعودیە | 10:00 |
| چین ـ ئۆزباکستان | 12:00 |

پێنجشەممە 2015/1/15

| | |
|---|---|
| بەحرێن ـ ئیمارات | 10:00 |
| ئێران ـ قەتەر | 12:00 |

هەینی 2015/1/16

| | |
|---|---|
| فەلەستین ـ ئوردن | 10:00 |
| عێراق ـ ژاپۆن | 12:00 |

شەممە 2015/1/17

| | |
|---|---|
| ئۆستراليا ـ کۆریا باشوور | 12:00 |
| عومان ـ کوێت | 12:00 |

یەکشەممە 2015/1/18

| | |
|---|---|
| چین ـ کۆریای باکوور | 12:00 |
| ئۆزباکستان ـ سعوودیە | 12:00 |

دووشەممە 2015/1/19

| | |
|---|---|
| قەتەر ـ بەحرێن | 12:00 |
| ئێران ـ ئیمارات | 12:00 |

سێشەممە 2015/1/20

| | |
|---|---|
| عێراق ـ فەلەستین | 12:00 |
| ژاپۆن ـ ئوردن | 12:00 |

(قۆناخی هەشتەم)

پێنجشەممە 2015/1/22

| | |
|---|---|
| یەکەمی گرووپی A ـ دووەمی گرووپی B | ژمارە 2 |
| یەکەمی گرووپی B ـ دووەمی گرووپی A | ژمارە 1 |

هەینی 2015/1/23

| | |
|---|---|
| یەکەمی گرووپی C ـ دووەمی گرووپی D | ژمارە 3 |
| یەکەمی گرووپی D ـ دووەمی گرووپی C | ژمارە 4 |

(قۆناخی چوارەم)

دووشەممە 2015/1/26

| | |
|---|---|
| براوەی یاری 1 ـ براوەی یاری 3 | یاری 5 |

سێشەممە 2015/1/27

| | |
|---|---|
| براوەی یاری 2 ـ براوەی یاری 4 | یاری 6 |

(یاری پلەی سێیەم)
هەینی 2015/1/30
دۆڕاوی یاری 5 ـ دۆڕاوی یاری 6

(یاری کۆتایی)
شەممە 2015/1/31
براوەی یاری 5 ـ براوەی یاری 6

* هەموو یارییەکان بە کاتی بەیانی بەڕێوەدەچن.

**خولی ئینگلتەرا**
پێنجشەممە 2015/1/1
08:30
تۆتنهام - چێڵسی

**خولی ئیسپانیا**
یەکشەممە 2015/1/4
07:00
ڤالێنسیا - ریال مەدرید

**جامی ئینگلتەرا**
یەکشەممە 2015/1/4
08:30
ئارسناڵ - هاڵ سیتی

**خولی ئیسپانیا**
یەکشەممە 2015/1/4
11:00
ریال سۆسیداد - بارسێلۆنا

## 30 هەزارە



ڕۆژنامەی لۆپاریزیانی فەرەنسی ئاشکرایکرد کە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ماڵی خۆی گواستووەتە شوقەیەکی نوێ لە شەقامی شانزلیزەی بەناوبانگ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، کە بە کرێی گرتووەو بڕی کرێیەکەی 30 هەزار یۆرۆی مانگانەیە. وەک ئەو ڕۆژنامەیە باسی دەکات ڕووبەری شوقەکەی زلاتان، کە لەگەڵ هێلینای دۆستی و هەردوو منداڵەکانی تێدا نیشتەجێ دەبن، 600 مەتری چوارگۆشەیە و هەموو پێداویستیەکانی کات بەسەربردنی تێدایە، لەگەڵ هۆڵێکی وەرزشکردن و گەراجێکی گەورەی ئۆتۆمبێل و حەوزێکی مەلەوانی.

## میرتیساکەر مراوییە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی گاڵتەی بە بەرگریکاری ئەڵمانی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی، پیر میرتیساکەر کرد، دوای ئەوەی وەک مراوی پشتی لە تۆپ کردو نەیتوانی وەک بەرگریکاری لیڤەرپوول مارتن سکرتل هەڵسێت، کە گۆڵی یەکسانبوونی لە دوایین ساتەکانی یاری نێوان هەردوو یانە لە گەڕی 17ی پریمەرلیگ تۆمارکرد.

ڕۆژنامەکە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوەو تێیدا نووسیبوو «میرتیساکەر نەیتوانی فشار بخاتە سەر سکرتل و لێنەگەڕێت گۆڵی یەکسانبوون بۆ تیپەکەی تۆمار بکات، ڕۆژنامەکە گاڵتەی بە شێوازی وەستانی بە میرتیساکەر کرد، دوای ئەوەی پشتی لە تۆپ کرد لە جیاتی ئەوەی بەشداری لە تۆپەکە بکات و مەترسی لە گۆڵەکەی دووربخاتەوە، کەچی سکرتل لەو چاکتربوو هەرچەندە لە کاتی یارییەکە تووشی پێکان هاتبوو لە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی گۆڵی بەرامبەر تۆماربکات و تیپەکەی لە دۆڕان ڕزگار بکات، بەمەش بووە مایەی ڕەزامەندی برندان ڕۆدجەرزی ڕاهێنەری کە گوتی سکرتل کەسایەتیەکی بەهێزی هەیەو جەنگاوەرێکی ڕاستەقینەیە لەناو یاریگەدا».

ڕۆژنامەکە لەو بارەوە زیاتر گوتی «میرتیساکەر بەو وەستانەی کە لە مراوی دەچوو، بەشداری لە زیادبوونی کێشەکانی هێڵی بەرگری تیپەکەی و ئارسین ڤینگەری ڕاهێنەری کرد».


## باڵۆتێلی پاشای تویتەرە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی تویتێکی ماریۆ باڵۆتێلی هێرشبەری ئیتاڵی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بە جوانترین تویتی وەرزشی ساڵی 2014 هەڵبژارد و نازناوی "پاشای تویتەر"ی بە باڵۆتێلی دا.

ئەو ڕۆژنامە بەریتانییە گرنگترین ئەو جریوانەی کۆکردووەتەوە کە ئەستێرەکانی وەرزشی جیهان لە ساڵی 2014 لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویانکردوونەتەوە، بۆ ئەوەی پاشای وەرزشوانانی تۆڕەکە دەستنیشان بکات. لە ئەنجامدا ماریۆ باڵۆتێلی هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول بووە یەکەمی ئەو پێشبڕکێیە.

ڕۆژنامەکە پێیوایە باڵۆتێلی دیارترین وەرزشوانی ئەمساڵی سەر تویتەر بووە، ئەویش بەهۆی ئەو جریوەی کە لە دوای دۆڕانی یانەی مانچستەر یونایتد لەسەر دەستی یانەی لیستەر سیتی لە پریمەرلیگدا بە ئەنجامی 3 ـ 5 گۆڵ بڵاویکردەوە، تەنیا 3 وشەشی بەس بوون بۆ ئەوەی باڵۆتێلی ببێتە پاشای تویتەر، باڵۆتێلی تەنیا نوسیبووی "مانچستەر یونایتد... هههە"، کە 200 هەزار کەس ئەو جریوەی باڵۆتێلیان لایک کردبوو و 100 هەزار جاریش دووبارە بڵاویان کردبووەوە، بەمەش بووە باشترین جریوەو باڵۆتێلیش نازناوی "پاشای 2014ی تویتەر"ی وەرگرت.



رووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................

مۆبایل : .................... ....................

6 سی و حەفتەمین پێشبڕکێ

داوای لێبوردن دەکەین کە لە ژمارەی ڕابردوودا لۆتۆی ژمارە 4 دووبارە بووەتەوە، بەڵام دەتوانن دوو ژمارە 4 لەجیاتی 4 و 5 دابنێن.

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان خەڵاتەکان
1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.



پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت

هیشام عەبدولعەزیز لە هەولێر

بە لێدوانی: ( لەسەرخۆ دەیداتەوە، دەزانێ دەیباتەوە )

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا –هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە